چەشنی کەسایەتی وە پێوەندی بە نەخۆشییە دەروونییەکان و توانای بڕیاردان

د. ڕێزان عەلی ئیبراهیم
(کۆلیژی پەروەردە زانکۆی سەلاحەدین)

زانایانی دەروونزانی کەسایەتی گرنگیان دا بەلێکۆڵینەوەی (نەریت) وەک بچووکترین یەکەی دروستبوونی کەسایەتی، بۆ دروستکردنی زاراوەکانیان بەتایبەتی ئەوەی تایبەتمەندە بەو پێوەندییەی کە لەنێوان کەسایەتی و هەڵسوکەوت دایە.

دواتر بەیەکەی دروستبوونی گەورەتر کە (سیما)یە وە کە بە هۆیەوە دەتوانرێ کەسێک لەهی تر جیا بکرێتەوە، وە ناسینی (سیما)و دیاریکردنی یارمەتیمان دەدات بۆ پێشبینیکردنی دوارۆژی مرۆڤ وەچۆن بەرەنگاری هەڵوێستی جۆراوجۆر دەبێت لە ژیانیدا بە ئامانجی گەیشتن بەیەکەی دروستبوونی گەورەتر کە ئەویش (چەشن)ی کەسایەتییە.

لەو ڕێگایانەی کە زانایان پشتیان پێوە بەستبوو لە لێکۆڵینەوەکانیاندا لەم بوارەدا هەڵبژاردنی گۆڕاوێک یان فاکتەرێک یان سیفەتێک یان چەشنێک وە پۆلینکردنی تاک بەپێی ئەمەوە بۆ گەیشتن و جێبەجێکردنی یەک لە ئامانجە هەرە گرنگەکانی لێکۆڵینەوە لە کەسایەتی، ئەویش دۆزینەوەی ئەو هۆیانەی کەوا لە کەسان دەکات کە جیاواز بن لەگەڵ یەکتردا لە ڕووی هەڵسوکەوت و ڕەوشتیان کاتێک کە دووچاری هەمان ڕووداو و هەڵوێست دەبن.

زانایان خەڵکان پۆلین دەکەن بۆ چەند چەشنێکی زۆر لە کەسایەتی لەوانە جەستەیی و کۆمەڵایەتی و دەروونی و مەزاجی (هیبوقراط) خەڵکانی پۆلین کرد بۆ چوارچەشن کە خوێناوی و زەرداوی و ڕەشبین و لیمفاوی بوو. دواتر پۆلینکردنی (کرتشمر)هات کە جەختی کردە سەر سیمای جەستەیی و (یونگ) کە جەختی کردە سەر (ئەرکەکانی ئەقڵ) (الوظائف العقلیة)وە لەوانەیە کەسان دوورە پەرێز بن یان کۆمەڵایەتی بن (منبسط). و (توماس و زنیانسکی) کە جەختیان کردە سەر هۆکارە کۆمەڵایەتییەکان کارلێکی کۆمەڵایەتی کە ڕۆڵێکی گرنگ دەبینێ لە دروستبوونی کەسایەتی مرۆڤ.

ئەو ڕێگایەی کە زانایان (فریدمان و روزنمان) هێنایانە کایەوە لە شەستەکاندا بەهۆیەوە خەڵکیان دابەش کرد بۆ دووچەشنی بنەڕەتی کە ئەویش چەشنی کەسایەتی (A) و چەشنی کەسایەتی (B) بوو بەیەکێ لە گرنگترین ڕێگاکانی لێکۆڵینەوە دادەنرێت لە بواری کەسایەتی. گەیشتن بەوە کە کەسایەتی خەڵکان یان هەڵسوکەوتیان دوو چەشنی جیاوازی لێ بەدەردەکەوێت ئەویش چەشنی (A) و چەشنی (B) بوو، وە گرنگترین سیمای چەشنی کەسایەتی (A) ئەوەیە کە ئەو کەسە طموحێکی بەهێز و پاڵنەری پێشبڕکێیەتی هەیە، وەگرنگییەکی زۆر بەکات دەدات وە زۆر بەئاسانی دەورووژێنرێت. کەسان لەم چەشنەدا بەدوای ئەوەدا دەگەڕێن کە ببن بەکەسانێکی تەواو (کامل) وە پێشبڕکێ لەگەڵ کاتدا دەکەن وە لەیەک

کاتدا بەچەند جۆرە کارێک هەڵدەستن، ئەو کەسانەی لەم چەشنەدان لەوانەیە سەیری T.V بکات و قسە بە تەلەفۆن بکات ڕاپۆرتێک بنووسێت نان بخوات وە هەمووی لەیەک کاتدا. خەڵکان بەپەلە دێخن لە قسەکردندا وەخۆشیان بەپەلەن لە قسەکردندا بۆچوونیان شەڕانگێزییە بەرامبەر خەڵکانی تر، ئامانجیان لەژیاندا پارەوپوولێکی زۆریان دەست کەوێت چالاکترین و برادەریان زۆرتر بێت. حوکم لەسەر سەرکەوتن و دەستکەوت بە چەندجار ڕوودانی و جێبەجێکردنی دەدەن لە جیاتی جۆری ئەو کارانەی کە سەرکەوتنیان تیادا هێناوە.

بەڵام ئەو کەسەی کە لە چەشنی کەسایەتی (B)دایە بەشێوەیەکی کەمتر گرنگی بە کات دەدات، توانای کۆنترۆڵکردنی خودی خۆی زیاترە لە چەشنی پێشوو لەکاتی مامەڵەکردنی لەگەڵ دەوروبەریدا. وە کات دیاری دەکات بۆ حەسانەوەی بەبێ ئەوەی هەست بە گوناهی بکات (دون الشعور بالذنب)، کەسایەتییەکی هاوسەنگی هەیە، وە لەگەڵ ئەوەشدا کە کەسایەتی چەشنی (A) زوو و بەخێرایی دەگەنە پایەی بەرز لەکارەکانیاندا، بەڵام خەڵکان لە چەشنی کەسایەتی (B) بە تواناتر دادەنرێن لە هەڵسوکەوتکردنیان لەم ئاستانەدا.

بەڵام دەمارگیری لە نەخۆشییە دەروونییە بڵاوەکانە لەلایەن زۆربەی زۆری تاکەکانی کۆمەڵ بەرێژەیەکی ئاسایی، کە کاریگەرییەکی زۆری هەیە لەسەر کارە دەروونی و کۆمەڵایەتییەکانیانەوە، وە دەمارگیری بریتییە لە شڵەژانی فرمانی کەسایەتی کە کاریگەری هەیە لەسەر هاوسەنگی هەڵچوونەکانی کەس و دڵخۆشبوون و چەندی ڕازیبوونی لە ژیانی بەشێوەیەکی گشتی. ژیان بە هەموو قۆناغەکانیەوە وا لەکەسان دەکات کە پێویستی بەبڕیاردان بێت، و پرۆسەی بڕیاردان لە سالانی زووی تەمەنی تاک دەست پێ دەکات، وەبڕیاردان دەگۆڕێت لەهی ئاسانەوە کە پێویستی بەبیرکردنەوەیەکی قووڵ و ماندووبوونێکی زۆری نییە بۆ بڕیاردانی چارەنووسی کە کاریگەرییەکی زۆر لە دواڕۆژی تاک دەکات کە هەندێ جار دەگاتە هەڕەشەکردنی خۆی و کەسانی دەوروبەری و ئەوانەی لێی نزیکن. لەوانەیە بڕیار لەژێر بار و هۆکار و هەندێ کاریگەری تر بدرێت کە گرنگترینیان هۆکارە دەروونییەکان و پێکهاتەی دەروونی ئەوکەسەی کە بڕیار دەدات واتە کەسایەتی بڕیاردەر. بۆیە توێژەر هەوڵی داوە لەم لێکۆڵینەوەیەدا کاریگەری سیمای کەسایەتی (A) لە کەسایەتی (B) لە دەرکەوتنی نەخۆشییە دەروونییەکان و پێوەندی بە توانستی بڕیاردان بزانێت، ئەمە لەلایەکەوەو پێوەندی نەخۆشییە دەروونییەکان بەتوانستی تاک (قوتابی زانکۆ) لەسەر بڕیاردان دیاری بکات لەلایەکی ترەوە.

ئامانجەکانی توێژینەوەکە بریتییە لە:

١- دروستکردنی پێوەرێک بۆ جۆری کەسایەتی (A-B) لەلایەن قوتابی زانکۆدا.

٢- زانینی ئاستی جۆرەکانی کەسایەتی (A-B) وە ئاستی نەخۆشییە دروونییەکان و توانستی بڕیاردان لەلایەن قوتابی زانکۆدا.

٣- زانینی سروشتی پێوەندی نێوان جۆرەکانی کەسایەتی (A-B) لەگەڵ هەر نیشانەیەک لە نیشانەکانی نەخۆشییە دەروونییەکان لەلایەن قوتابی زانکۆدا.

٤- زانینی سروشتی پێوەندی نێوان جۆرەکانی کەسایەتی (A-B) و توانستی بڕیاردان.

٥- زانینی سروشتی هەر نیشانەیەک لە نیشانەکانی نەخۆشییە دەروونییەکان و توانستی بڕیاردان لەلایەن قوتابی زانکۆدا.

٦- زانینی جیاوازی لەنێوان جۆرەکانی کەسایەتی (A-B) و نەخۆشییە دەروونییەکان و توانستی بڕیاردان بەپێی گۆڕاوی (ڕەگەز- پسپۆری)

٧- زانینی چەندی بەشداربوونی سیمای جۆرەکانی کەسایەتی (A-B) لە گۆڕینی نیشانەکانی نەخۆشییە دەروونییەکان و توانستی بڕیارداندا.

ژمارەی نموونەی توێژینەوەکە (٥٠٠) قوتابی کوڕ و کچ بوون کە بەشێوەیەکی ڕەمەکی (عشوائي) لە بەشەکانی کۆلیژەکانی زانکۆی سەلاحەددین بۆ سالی خوێندنی (٢٠٠٣-٢٠٠٤) هەڵبژێردرابوون. وە بەپێی ئەدەبیات و لێکۆڵینەوەو پێوەرەکانی پێشوو پێوانەیەک بۆ جۆری کەسایەتی (A-B) دروست کرا. وەتایبەتمەندییە سایکۆمەترییەکان بۆ پێوارەکانی تایبەت بە توێژینەوەی ئێستا دەرکرا کە بریتییە لە (پێوەری جۆرەکانی کەسایەتی (A-B)، پێوەری کراون- کرسب بۆ نەخۆشییە دەروونییەکان، پێوەری توانستی بڕیاردان) وە دوای وەرگێڕانی هەرسێ پێوەرەکە لە زمانی عەرەبییەوە بۆ زمانی کوردی وە دەرهێنانی (ڕاستی وەرگێران) بۆ پێوەرەکان، ئەنجام دراوە بەهەردوو زمانی عەرەبی و کوردی لەسەر نموونەی توێژینەوەکە لە قوتابیانی سالی چوارەم کە بەپێی ڕەگەز و پسپۆڕایەتی دابەش کران.

وە بۆ دەرهێنانی ئاکامی توێژینەوەکە ئەمانەی خوارەوە بەکارهات:

(چوارگۆشەی کای) هاوکۆلکەی پێوەندی پێرسون، هاوکێشەی سبرمان- براون، لادانی پێوەری، پێوەری تائی بۆ یەک نموونە، وەپێوەری تائی بۆ دوو نموونەی سەربەخۆ، رێژەی فائی، جۆراوجۆری بەرەبەرە) لە ئەنجامدا توێژەر بەم ئەنجامانەی خوارەوە گەیشت:

١- ئامادەکردنی پێوەرێک بۆ دیاریکردنی هەردوو جۆری کەسایەتی وەشێوە کۆتاییەکەی پێوەرەکە لە (٥٤) برگە پێک هاتبوو وەبۆ هەر برگەیەک چوار لە بری دانراوی هەبوو بۆ وەلامدانەوە.

٢- ئەنجامەکان دەریخست ئارەزووی تاکەکانی توێژینەوەکە و نزیکبوونەوەیان لە جۆری کەسایەتی (A) بە هۆوەرگرتنی ژمارەیەکی بەرز لەسەر پێوەرەکە، چونکە ژمارەی بەرز ئاماژە بەجۆری یەکەم (A) دەکات، بەلام ژمارەی نزم ئاماژە بەجۆری دووەم دەکات کە (B) بوو.

٣- ئەندامانی توێژینەوەکە (نموونەکە) ئاستێکی ناوەندییان لەسەر پێوانەی نەخۆشییە دەروونییەکان تۆمار کرد، وە ئاستێکی نزمیان لەسەر پێوەری توانستی بریاردان تۆمارکرد. واتە نیشانەکانی نەخۆشی دەروونییان تیادایە، بەلام بە ئاستێکی ناوەندی وە هەروەها توانستیان بۆ بریاردان نزمە یان کەمە.

٤- بوونی پێوەندی لە نێوان جۆرەکانی کەسایەتی (A-B) وە هەر نیشانەیەک لە نیشانەکانی نەخۆشییە دەروونییەکانی پیشان دا.

٥- بوونی پێوەندی لەنێوان جۆرەکانی کەسایەتی (A-B) و توانستی بریاردانی پیشان دا.

٦- بوونی پێوەندی لەنێوان هەر نیشانەیەک لە نیشانەکانی نەخۆشییە دەروونییەکان و توانستی بریاردان جگە لە (نیشانەی سەپێندراو) کە پێوەندی لەگەل توانستی بریاردان دال نەبوو.

٧- نەبوونی جیاوازی ژمێریاری (احصائیة دالة) دال لەنێوان هەردوو رەگەز لە جۆرەکانی کەسایەتی (A-B) پیشان دا.

٨- بوونی جیاوازی ژمێریاری لەنێوان نێر و مێ لە نەخۆشییە دەروونییەکان وەبۆ بەرژەوەندی رەگەزی مێ بەدیارخست، واتە مێ زیاتر دووچاری نەخۆشییە دەروونییەکان دەبێت.

٩- نەبوونی جیاوازی ژمێریاری لەجۆرەکانی (A-B) بەپێی گۆراوی پسپۆری لە خوێندن پیشان دا.

١٠- نەبوونی جیاوازی ژمێریاری لە نەخۆشییە دەروونییەکان بەپێی گۆراوی پسپۆری دادەستەوە.

١١- نەبوونی جیاوازی ژمێریاری لە توانستی بریاردان بەپێی گۆراوی پسپۆری خوێندن بەدیارکەوت.

١٢- بەشداربوونی سیمای جۆرەکانی کەسایەتی (صفات أو خصائص أنماط الشخصیة) لە دەرکەوتنی نیشانەکانی نەخۆشییە دەروونییەکان وە بەم شێوەیەی خوارەوە پیشاندا:

أ- بێ ئارامی، ئارەزووی توندی پێشبرکێ، خود کۆنترۆل نەکردن، ئارەزووی شەرانگێزی لە (دلەراوکێ)دا.

ب- بێ ئارامی، ئارەزووی پێشبرکێی توند، خود کۆنترۆل نەکردن، ئارەزووی شەرانگێزی لە (ترس)دا.

ج- بێ ئارامی، خودکۆنترۆل نەکردن، دەستکەوتی بەرز لە (بەزۆری سەپێنراو) (القسریة).

د- بێ ئارامی، ئارەزووی شەرانگێزی، ئارەزووی پێشبرکێی توند لە (دەروونییە جەستەییەکاندا).

هـ- بێ ئارامی، پەلە پەل، خود کۆنترۆل نەکردن لە (خەمۆکی).

و- ئارەزووی شەرانگێزی، پەلەپەل، نائارامی، لە (هیستیریا).

بەشداربوونی سیماکانی کەسایەتی لە توانستی بریارداندا دەرکەوت. وە بەپێی ئەم ئەنجامانەی کە توێژەر دەستی کەوت لەم توێژینەوەیەدا کۆمەلێک لە راسپاردەو پێشنیازی پێشکەش کرد.

*** ئەم باسە پوختەی تێزی دکتۆرایە کە بە ناوونیشانی (انماط الشخصیة (A-B) وعلاقتها بالمیول العصابیة والقدرة علی اتخاذ القرار) کە سالی ٢٠٠٤ پێشکەش کراوە.**